www.kurdistannet.org
27-9-2006 7:51بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**کارمەندێکی تەکنیک کار بەهۆی لێدانی کارەباوە گیانی لەدەستدەدات ... سلێمانی / ڕێژین ئیبراهیم**

بەمەبەستی خزمەت کردنی هاولاتیان و راپەراندنی کاری کارەبا لەگەرەکی شەکرەکە ی شاری سلێمانی کارەمەندێکی کارەبا بەناوی (کەمال مجید ئەحمەد) تەزووی کارەبا لێیدەدات و بەسەختی بریندار دەبێت، دوابەدوای ئەوەش رەوانەی تاران دەکرێت و لەوی نەشتەرگەری بۆ دەکرێتو دواتر بەهۆی سەخت برینەکەیەوە گیان لەدەست دەدات.
فەرمانبەری تەکنیك کار (کەمال مجید ئەحمەد) کارمەندی صیانەی سەرچنار بە مەبەستی خزمەت کردنی هاولاتیان و راپەراندنی کاری کارەبا لەگەرەکی شەکرەکەی شاری سلْمانی تەزووی کارەبا لەرۆژی (2006/9/1) دا لێی دەدات و بەسەختی برینداری دەکات دوای ئەوەی لەتاران نەشتەر گەرەی بۆدەکریچت لەرۆژی (2006/9/17) بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیان لەدەست دەدات و دەبێتە شەهیدێکی تری روناکی، لە راگەیاندنێکیاندا بەریوەبەرایەتی گشتی دابەشکردنی کارەبا، پرسەو سەرەخۆشی خۆیان ئاراستەی بنەماڵەو کەسوکاری کاکە کەمال دەکەن و ئاواتەخوازن خوای گەورە بەبەهەشتی بەرینی شاد بکات، وەهەروەها پەیماندەدەن لەرێگای رِوناك کردنەوەی وولاتەکەمان دا خزمەت بکەین و بەردەوام بین، شایەنی باسە شەهید کەمال لەساڵی (1966) ە لەدایك بووە ولەساڵی (1986) ئامادەی پیشەسازی لەسلێمانی تەواو کردووەو، شەهید کەمال باوکی دوومنداڵە ئەوانیش بەناوی (ئاسیاو، رەوەند)